# (فەرید داود یووسف)ی هونەرمەندی موزیکژەن (١٩٤١ - ٢٠٠٧)

فرانسیس داود
(سلێمانی)

هونەرمەند (فەرید داود) لە ساڵی ١٩٤١ لە شاری سلێمانی و لە گەڕەکی گۆیژە چاوی بە دنیا هەڵهێناوە و هەر لە سلێمانی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بەشی زانستی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٦٣- ١٩٦٤ لە زانکۆی مووسڵ کە ئەو هێشتا لە زانکۆ قوتابییە و لە کۆلێجی زانست، بەشی کیمیا وەردەگیرێت، باوکی پێشمەرگە دەبێت و لە ساڵی ١٩٦٦ لەناوچەی پێنجوین شەهید دەبێت. ساڵی ١٩٦٨-١٩٦٩ بکالۆریۆس لە کیمیا وەردەگرێت و لە ١٣-١-١٩٧٠ وەک مامۆستای ئامادەیی لە (ڕانیە) دادەمەزرێ و وانەی کیمیا دەڵێتەوە. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ برادەرانی تیپی مۆسیقای سلێمانی چووەتە پاڵ شۆڕش و لە ناوچەی قەسرێ جێگیر بووە و لەگەڵ تیپی مۆسیقای شۆڕش کاری کردووە.

ساڵی ١٩٧٣ گوێزراوەتەوە بۆ ئامادەیی (سەلاحەددین) بۆ ناو شاری سلێمانی و لە ١٦-٥-١٩٨٥ بووە بە سەرپەرشتیاری پسپۆڕی کیمیا لە ڕێگەی مامۆستا کەمال جەلال غەریب کە ئەوکات سەرپەرشتیاری کیمیا دەبێت.

فەرید داود لە زۆربەی کۆڕ و خولەکاندا پلەی هەرە باشی بەدەست هێناوە، جگە لەو خولانەی کە بۆ مامۆستایانی کیمیا کراونەتەوە و بەشداری تێدا کردوون و لە پسپۆڕییەکەی خۆیدا زۆر سەرکەوتوو بووە کە کیمیا بوو، خوێندکار و مامۆستاکان لەم ڕووەوە تا ئێستاش بە باشی باسی دەکەن، تا کۆتایی ژیانی وانەی تایبەتی بە پارە (بە بەرانبەر) نەوتووەتەوە و لەم بارەیەوە ڕێنمایی مامۆستایانی کیمیای دەکرد.

ساڵی ١٩٩٩ لەگەڵ سێ برادەری تر لەسەر کار لابران



**فەرید داود یووسف**

و چەند ساڵێک بێ مووچە مانەوە، لەو چەند ساڵەدا بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی زۆر شتی ناوماڵی خۆی فرۆشت، لە دواییدا سەرۆک بارزانی مووچەی بۆیان دابین کرد، هەرچەندە لە زانکۆی مووسڵ هەندێ برادەری لەگەڵدا بوو، هەروەها چەند قوتابییەکی خۆی کە بوون بە دەسەڵاتدار، بەڵام هیچیان بۆ نەکرد و هەواڵیشیان نەدەپرسی، ئەوکاتە دەیانتوانی پشتیوانی و هاوکاری بکەن، بەڵام فەرید داود نەچووە بۆ لایان و تەکلیفی هیچ شتێکی لێ نەکردوون و بەسەربەرزی ژیا و سەری بۆ هیچ کەس دانەنەواند و پەنای بۆ کەس نەبرد.

هونەرمەند فەرید داود هەر لە منداڵییەوە خولیای مۆسیقای هەبووە، ئامێرێکی مۆسیقای وەک (عوود)ی لە قوتووی چوکلێتی تەنەکە دروست کرد و ژێی (تەل)ی لێ بەست و وەک ئامێری عوود، زۆر بە باشی پێی دەژەنی بەبێ ئەوەی مامۆستایەکی هەبێ ڕێنمایی بکات، بۆ یەکەم جار کە عوودی (ڕاستی) بەدەستەوە گرت، توانی پێی بژەنێ.

هاوینی ساڵی ١٩٦٦ چالاکی هونەری خولێکی مۆسیقای کردەوە، مامۆستایان ولیەم یۆحەننا و ئەنوەر قەرەداغی وانەیان تێدا دەوتەوە، فەرید داود یەکێک بوو لەو بەشدارانەی کە دەیویست سوود وەربگرێت، ئەمە پێش دامەزراندنی تیپی مۆسیقای سلێمانی بووە، دوای ئەوەش بۆ ماوەیەک لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی وەک ژەنیارێکی ئامێری (کەمان) کاری کردووە، بەڵام لەبەر سەرقاڵی لە کۆلێجەکەی لە مووسڵ، نەیتوانی زۆر لەگەڵ برادەرانی تیپی مۆسیقای سلێمانی بەردەوام بێت.

فەرید داود لە یەکەم ئاهەنگی برادەرانی تیپی مۆسیقای سلێمانی پێش مۆڵەت وەرگرتنی بەشداری کرد کە ئاهەنگەکە بۆ نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی سلێمانی سازکرا بوو. دوای سێ ساڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی بە فەرمی لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری بەغدا لە ساڵی ١٩٦٩ مۆڵەتی پێ درا، مۆڵەتەکەش لەگەڵ (تیپی نواندنی سلێمانی) بەناوی (تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانی) بوو.

فەرید داود هونەرمەندێکی خۆرسک بوو، پاشان خۆی فێری نۆتەی مۆسیقایی کرد (من هەندێ یارمەتیم دەدا)، هەوڵی دەدا خۆی نۆتەکە بنووسێتەوە، لەسەردەمی ئەودا تەنیا پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا هەبوو، دەبوایە لە هەموو عێراق ڕوویان بکردایە بەغدا بۆ خوێندنی هونەر، ئەویش نەیتوانی بچێت بۆ بەغدا، من لەو بڕوایەدام ئەگەر لە باتی کیمیا، هونەری مۆسیقای بخوێندایە و تەنیا خۆی بۆ مۆسیقا تەرخان بکردایە، ئێستا لە ڕیزی هونەرمەندە هەرە پێشکەوتووەکان دادەنرا.

زۆر کەیفی بە گۆرانی فۆلکلۆری کوردی (سۆرانی و بادینانی) دەهات و هەمیشە لە ماڵەوە ئەو گۆرانیانەی دەوتەوە و مۆسیقای لەگەڵ هەندێ گۆرانی (ئووم کەلسووم و فەرید ئەترەش و محەمەد عەبدولوەهاب) لەگەڵ (سماعيات و موشحات)ی ڕۆژهەڵاتی دەژەنی.

هەر لە منداڵییەوە ڕیتمێکی باشی دەزانی و تەپڵێکی چاکی لێ دەدا، خۆیشی لە پێستی مەڕ و شەربە دروستی دەکرد، هەروەها شمشاڵێکی باشیشی دەزانی.

چەندان جار دەچووە لای (حەسەنی نەی) (حەسەنی حاجی قاسم) کە ماڵەکەیان نزیک ماڵیان بوو، کە باڵەبانی دەژەنی گوێی لێ دەگرت، جار جار فەریدیش بە تەپڵ ڕیتمی لەگەڵدا دەگرت و دوایی دەکەوتنە گفتوگۆ کردن لە بارەی مۆسیقا و گۆرانی کوردی ئێرە و ئەو شوێنەی کە حەسەنی نەی لێ بووە، کە ئەویش ناوچەی (تەبرێز)ە، حەسەن هونەرمەندێکی لێهاتوو بوو، بە تایبەتی لە ژەنینی باڵەبان هەموو مەقام و ئاوازێکی پێ دەردەکرد.

فەرید داود ئەندامێکی کارای تیپی مۆسیقای کڵێسەی سلێمانی بوو، هەر لە دامەزراندنی ئەم تیپەوە



**تیپی مۆسیقای سلێمانی، سەرچنار، ١٩٦٧**
**وەستاوەکان لە ڕاستەوە: شەوکەت ڕەشید، حەمکوڵ، فەرید داود، فڕەنسیس داود، جەمال شادان، خالید سەرکار، ئەنوەر قەرەداغی.**
**دانیشتووەکان: ماجیدی خەیات، حسێن عەلی، شێرکۆ محەمەد سەعید، سەلاح ڕەشید، ئازاد عەبدوڵلا.**

کە بە هەوڵی قەشە (یووسف پەری) دامەزرا کە کاتی خۆی قەشەی سلێمانی بوو، فەرید داود ئاوازیشی بۆ کڵێسە داناوە و دەنگێکی گونجاوی هەبووە کە بە هەستێکەوە لەگەڵ عوودەکەی دەری دەبڕی. کاتێک (فەرید داود) قوتابی بووە، وەرزشەوانێکی چالاک بوو، بە تایبەتی لە تۆپی پێ، هەروەها بۆ جوانی لەش یاری بەرزکردنەوەی ئاسنی دەکرد، هەندێ ئامێری یاری کردنی دروست کردبوو وەک ئاسن بۆ هەڵگرتن و دومبلز و شوێنی خۆ هەڵواسین بە شیش بۆ وەرزش کردن.

لە قوتابخانە و دەرەوەی قوتابخانە ئەندامی تیپی (فوتبۆڵ) بوو، هەروەها لە یەکێک لە تیپەکانی شاری سلێمانی یاریکەرێکی لێهاتوو بوو.

(فەرید داود) حەز و ئارەزوویەکی باشی لە باخ و گوڵدا هەبوو، هەر ئەو باخی ماڵەوەی ڕێک دەخست، ئەو گوڵانەی کە دەیڕواندن، هەموو تۆوەکانی بە جۆر و ڕەنگەکانەوە بۆساڵی دوایی هەڵدەگرتن و هەریەکەیان بە ڕەنگی خۆی لە باخەکەدا جێگای بۆ دەکردنەوە، دوایی سەیرت دەکرد باخەکە وەک ئەندازیارێتی باخچە دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی لە جۆر و ڕەنگ وەردەگرت، هەروەها لە ئارەزووەکانی تری هونەرمەند ئیشی دەست بوو بە تەختە، بە چەند ئامێرێکی سادەی دارتاشی کاری هونەری پێ دەکرد، بۆ نموونە ئامێری کەمانی بۆ جوانی و بۆ دیکۆر دروست دەکرد، بەڵام بە قەبارەیەکی بچووک، هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ کەمانێکی گەورەدا نەبوو، ئەم کارانەی هەمووی بەدەست دەکرد، کەمانێکی بە دیاری بۆ «پەیمانگەی نەوا بۆ فێر بوونی مۆسیقا»کرد کە ئێستاش ماوە و لەسەر مێزێک دانراوە و پارێزراوە. هەندێ کاری تری بۆ ماڵەوە کردووە وەک کتێبخانە و پێشانگا بۆ تەلەڤزیۆن و ڤیدیۆ و ڕیکۆردەر، هەروەها تاقمی دانیشتن و چەند کارێکی تری بۆ کڵێسەی سلێمانی کرد وەک کتێبخانە و چوارچێوەی هەندێ تابلۆی کڵێسە بەشێوەیەکی هونەری جوان. فەرید داود کەسێک بوو لەگەڵ هەموو کەسێکدا دەگونجا و یارمەتی دەدان ئەگەر پێویستیان بە یارمەتی ئەو بووبوایە.

هونەرمەند فەرید داود لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٩/٢ خانەنشین کرا، دوو برا و خوشکێکی هەیە: فڕەنسیس داود کە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی مۆسیقا بوو لە پەروەردەی سلێمانی و ئێستا خانەنشینە، ئەلیزابێت داود مامۆستای بیرکارییە لە قوتابخانەی (زەرگەتەی بنەڕەتی) بیرکاری پۆلی شەش دەڵێتەوە، فەرهاد داود کە دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە.

فەرید داودی هونەرمەند لە ٣١-٥-٢٠٠٧ بە وەستانی دڵ لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، ئارامگاکەی لە گۆڕستانی مەسیحییەکانە لە شاری سلێمانی.

**سەرنج:**
**بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی فەرید داود، داوام لە م.ئەنوەر قەرەداغی کرد وتارێکی لە بارەوە بنووسێ، لە وەڵامدا بۆی نووسیم: (سلاو برای ئازیزم.. لە ڕاستیدا من زانیاریم لەسەر خوا لێخۆشبوو هێندە نییە، تەنیا ئەوەندەیە بە ئامێری کەمان بەشداری دەکردین، ماوەیەک لە سەرەتاکاندا لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی پاش ئەوەی فەرەنسیسی برای وتی توانای باشی لە ژەنینی ئامێری کەمان هەیە. مرۆڤێکی ڕوحسووک و گونجاو بوو لەگەڵمان، کەسێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو، زۆر ڕێزی لە برادەران دەگرت، لە ئامێری کەمان ئاستێکی باشی هەبوو.)**

**(سەرنووسەر)**